# بۆچی داوا له جه‌ماوه‌ر ده‌كه‌م ده‌نگ به لیستی 779 بده‌ن؟




من كه‌سی یه‌كه‌می لیستی 779 له سنووری پارێزگای سلێمانی و لیستی ته‌عویزی بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق ، هه‌ندێ تایبه‌تمه‌ندیم هه‌یه به لامه‌وه گرنگه جه‌ماوه‌ر به گشتی و ده‌نگده‌ران به تایبه‌ت بیزانن تا بڕیار بده‌ن ئاخۆ شایانی ئه‌وه هه‌م له په‌رله‌مانی عێراق بۆ ماوه‌ی 4 ساڵ ببمه نوێنه‌ریان.

ساڵی 1982 قوربانیم به ژیانی گه‌نجێتی و خۆشگوزه‌رانی پزیشكی خۆم دا، بووم به پێشمه‌رگه، تا ڕاپه‌ڕین به بێ به‌رامبه‌ر له بواری ته‌ندروستی و سیاسیدا خزمه‌تی گه‌لی كوردم كرد .ئه‌مه گرنگه جه‌ماوه‌ر بیزانێت چوونكه ده‌یسه‌لمێنێ كه من ئاماده‌ی قوربانیدانم له پێناو كێشه‌ی ڕه‌وای گه‌له‌كه‌مدا، له‌م بواره‌دا ده‌رده‌كه‌وێت كه من سه‌رمایه‌یه‌كی زانستی پزیشكی خۆمم به قوربانی باری ته‌ندرووستی پێشمه‌رگه و جه‌ماوه‌ركردووه. ئه‌گه‌ر به‌راوردی خۆم له گه‌ڵ پزیشكه هاوپۆله‌كانمدا بكه‌م ده‌بینین كه له ڕووی مادی و ده‌سخستنی شه‌هاده‌ی به‌رزه‌وه زه‌ره‌رمه‌ند بووم به‌ڵام له ڕێگه‌ی خزمه‌تكردنی كوردستاندا له‌وان له پێشتره‌وه‌م. به‌ڵێ به‌م شێوه‌یه ده‌بینین كه من سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی له شۆڕشی گه‌لی كوردا ژماره‌یه‌كی زۆر شه‌هیدم هه‌یه، وه‌ك تاكێكیش له پێناو خزمه‌تی گه‌له‌كه‌مدا قوربانیم داوه.

ساڵی 1992 بوومه ئه‌ندامی په‌رله‌مانی كوردستان، به حوكمی ئه‌و باره‌ی كه په‌رله‌مانی تێدا ده‌ژیا، نه‌متوانی پێوه‌ندی خۆم له گه‌ڵ پیشه‌ی پزیشكی ببچڕێنم ،له نه‌خۆشخانه‌كانی سلێمانی به بێ به‌رامبه‌ر درێژه‌م به كاری پزیشكی دا .ته‌نها مووچه‌ی ئه‌ندام په‌رله‌مانیم وه‌رده‌گرت، ئه‌گه‌ر كاری پزیشكیم بكردایه یان نه‌كردایه ئه‌و مووچه‌یه‌م هه‌ر وه‌رده‌گرت . ساڵی 2002-2003 كاتێك باری گوزه‌رانی خه‌ڵكی كوردستان به‌ره‌و دارمان ده‌چوو، من نرخی عه‌یاده‌كه‌ی خۆمم له 25 دیناره‌وه كه‌م كرده‌وه بۆ 15 دینا، به‌م شێوه‌یه دكتوره‌كانی ترم خسته ژێر فشار و ناچارم كردن كه نرخی عه‌یاده بكه‌نه 20 دینار.

ئه‌مانه‌م له به‌ر ئه‌وه خسته ڕوو تا ده‌نگده‌ران بزانن كه ئاماده‌كاریم تێدایه واز له به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌ت بهێنم له پێناوی به‌رژه‌وه‌ندی گشتیدا.

له لایه‌كی تره‌وه گرنگه ده‌نگده‌ران بزانن كه من ده‌توانم به 3 سێ زمان: كوردی، عه‌ره‌بی، ئینگلیزی قسه بكه‌م و بخوێنمه‌وه و بنووسم، ئه‌م زمانزانینه بۆ ئه‌ندام په‌رله‌مانێكی كورد له عێراقدا له‌م كا ته‌دا پێویسته، تا بتوانێ ماف و پێویستی پێكهاته‌كانی نه‌ته‌وه‌كی بخاته ڕوو، تا بتوانێ پرۆژه‌كانی به به‌رامبه‌ر بسه‌لمێنێ و له پرۆژه‌ی دۆست و ڕكه‌به‌ره‌كانی كورد تێبگات .

له لایەکی ترەوە من لە بنەماڵیەکی شەهید و خێزانێکی هەژارەوە پێگەیشتووم، دەتوانم لە هەموو کات و شوێنێکدا داکوکیکەری مافەکانی هەژاران و بنەماڵی شەهیدان بم ،چونکە خۆم لە ئێش و ئازارەکانیان تێدەگەم.

ئەو ساڵانەی من ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووم خاوەنی دەنگێکی تایبەتی نەتەوەیی و یاخی بووم، ملم بۆ دیاردە دزێوەکان دانەئەنەواند، بۆیە لە پەرلەمانی کوردستان دووریانخستمەوە.

ساڵی 2001 بۆ ماوەی 8 مانگ سەرۆکی تەندروستی شاری سلێمانی بووم ، کارمەندان و نەخۆش و پزیشکەکان شاهیدی کارەکانی منن کە چەندە دڵسۆز و سەرکەوتوو بووم، چەند دژی گەندەڵی تێدەکۆشام ، بەڵام بەرەی گەندەڵ منیان لە کارکردن وەدەرنا و بە شێوەیەکی کاتی ئیعلانی سەرکەوتنی خۆیان کرد .

بۆ بە گژاچوونەوەی گەندەڵی و زیاتر خزمەتکردنی گەلی کورد لە گەڵ چەندان ڕۆڵە ی دڵسۆزی کوردا ، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانمان دامەزراند ،لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ڕژەوە کوردستانیان بۆ ئێمە کردووە بە زیندانی سیاسی، بەڵام بە پشتبەستن بە ئیرادەی ئازادی گەل و چەمکی خەباتی بەردەوام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پارتیمان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە لە گەشەکردندایە.

ئەمانەی ترم بۆیە باسکرد تا دنگدەران بزانن کە من کەسێکی کۆڵنەدەرووە ماندوو نەناسم، لە پێناوی خزمەتی گەلەکەمدا، لە هەڵبژاردن سەرکەوم یان سەرنەکەوم ئامادەی جێبەجێکردنی چەمکی خەباتی بەردەوامم تا زۆرترین ڕادەی خزەتکردنی گەل و وڵات بخەمە ئەستۆی خۆم لە کۆتییدا پێویستە ئاماژە بە بەرنامەی لیستی سەربەخۆی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بکەم بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، کە کۆمەڵێك چەمك و بنەمای گرنگی لە خۆی کردووە، لە ڕێگەیەوە دەتوانین لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و کلتووری دیمەدوکراتیەوە خزمەتێکی باش بە جەماوەری گەلی کورد و نەتەوەی کورد بکەین.

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

پاڵێوراوی لیستی 779 پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

.